گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بنیاتی ڕووداو لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا بەنموونەی ساڵانی(1970-1980)

**م.ی.معطسم احمد حمدامین**
بەشی کوردی, فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق
moatasama.hamadameen@gmail.com

**پ.ی.د.ئازاد محمد سەعید**
بەشی کوردی, فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق
Azad.Mohammmed@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٣/٢٥
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٤/٢٨
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Very short story, Event, Interference Construction, Consecutive Construction, Circular Construction, Parallelism Construction*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.13

## پوختە

ڕووداو کۆڵەکەیەکی گرنگ و بنچینەیی بنیاتنانی چیرۆکە بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی کورتیلەچیرۆك. لە پاڵ توخمەکانی دیکەدا دەورێکی سەرەکی دەبینێت لە هەڵسوڕاندنی کارەکتەر لە نێو کورتیلەچیرۆکدا لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. بۆیە ڕووداو لەگەڵ توخمەکانی دیکەی وەکو(کارەکتەر، کات، شوێن) پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و تەواوکاری هەیە بۆ بنیاتنانی کورتیلەچیرۆك، کەواتە ڕووداو توخمی سەرەکی و گرنگی کورتیلەچیرۆکە. کورتیلەچیرۆك بە هۆی کورتی ماوەیکەی و بچووکی قەوارەکەی ڕووداو تیایدا بە خێرایی تێدەپەڕێت. ناتوانرێت درێژ بکرێتەوە چونکە پانتایەکەی بچووکە، بۆیە چیرۆکنووسی کورتیلەچیرۆك، بایەخێکی زۆر بە بنیاتنانی ڕووداو دەدات، هەروەها بەشێوەیەکی وردو هونەریانە دایدەڕێژێت، بۆیە ئەرکێکی زیاتر دەبینێت لە بنیاتنانیدا، چونکە کورتەو ماوەکەی کەمە بۆیە ناتوانێت گێڕانەوە درێژ بکرێتەوە، هەروەها تەنها دەتوانرێت ماوەیەکی کورت لە ژیانی کارەکتەر باسبکرێت، بۆیە لە کورتیلەچیرۆکدا ڕووداوی کورت هەڵدەبژێردرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و لە بنیاتنانیداچڕدەکرێتەوە. ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە بنیاتی ڕووداو لە کورتیلەچیرۆکی کوردی ساڵانی(1970-1980)، نموونەی کورتیلەچیرۆکەکانی کۆمەڵەچیرۆکی چەند نووسەرێك لەم ماوەیەدا وەرگیراون و جۆرەکانی ڕووداو و جۆرەکانی بنیاتنانیان دەرخراوە. کورتیلەچیرۆکەکانی ئەو ماوەیە هەرچوارجۆرە بنیاتەکەیان تیادا بەکارهاتووە، چیرۆکنووسان زیاتر بنیاتی تێکهەڵکێشیان بۆ بنیاتی ڕووداو بەکارهێناوەو کەمترین کورتیلەچیرۆك بە بنیاتی هاوتەریب بنیات نراون، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە کورتیلەچیرۆك کورتەو ناتوانرێت لە ڕووداوێك زیاتری تیادا بگێردرێتەوە.

## پێشەکی:

ڕووداو تۆخمێکی گرنگ و سەرەکی بنیاتنانی ئەو دەقانەیە کە گێڕانەوەیان تیادایە، بنیاتی دەقی گێڕانەوەبەند لە چەند توخمێك پێکدێت، وەکو توخمەکانی (کارەکتەر، ڕووداو، کات، شوێن....)، هەموو ئەوانەیە بەیەکەوە بنیاتی هونەری دەق پێك دەهێنن، گرنگترینی ئەو توخمانە بریتییە لە ڕووداو، ئەوە ڕووداوە دەبێتە هۆی جیاوازی لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو (ڕۆمان، چیرۆکی درێژ، کورتەچیرۆك، کورتیلەچیرۆك)، چونکە تا چەند ڕووداو درێژتر بێت، دەقی گێڕانەوەیش درێژتر دەبێت و دەبێتە هۆی گۆران لە پانتایی دەقەکان. چونکە ڕۆمان ڕێژەیەکی زۆر ڕووداوی تێدایەو ماوەیەکی زۆر لە ژیانی کاراکتەرێك هەندێك جار چەند نەوەیەك وەردەگرێت، بە پێچەوانەوە کورتیلەچیرۆك ڕووداوی کەمی تێدایەو، ماوەیەکی زۆر کورت لە ژیانی کاراکتەرێك وەردەگرێت. کەواتە ئەوە ڕووداوە دەبێتە هۆی جیاکاری نێوان ژانرەکان. توێژەران لە ئێستادا گرینگی زیاتر بە توخمەکانی بنیاتی هونەری گێرانەوەیی دەدەن، ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە بنیاتی ڕووداو لە کورتیلەچیرۆکی کوردی بەنموونەی ساڵانی(1970-1980). بەهۆی گرنگی توخمی ڕووداو لە بنیاتی کورتیلەچیرۆکدا ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەیە هەوڵکە بۆ زیاتر روونکردنەوەو دەرخستنی بنیاتی رووداو لە کورتیلەچیرۆکدا، لە رووی تیۆریەوە جۆرەکانی رووداو ، جۆرەکانی بنیاتی رووداو دەرخراون و بە پڕاکتیزەکردنی لەسەر نموونەی کورتیلەچیرۆکەکان جێبەجێکراون.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** بنیاتی رووداو لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا بە نموونەی ساڵانی(1970-1980).

**گرینگی توێژینەوەکە:**

گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە ژانرێکی وەکو کورتیلەچیرۆك کەمترین توێژینەوەی لەسەر کراوە بەتایبەتی کورتیلەچیرۆکەکانی ئەو ماوەیەی دیاری کراوە، لەم سەردەمەدا کە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو ژانرە ئەدەبیە بووە لە نێو ئەدەبی کوردیداو بە تایبەتیش توخمی رووداو کە بە بنەمای سەرەکی دەقی گێڕانەوەبەند دادەنرێت.

**سنووری توێژینوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سنورەکەی کۆمەڵەچیرۆکەکانی ساڵانی (1970-1980)و تەنها لەسەر کورتیلەچیرۆکەکان نێوکۆمەڵەچیرۆکەکانی ئەو ماوەیە پراکتیزەکراوە.

**ڕیبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی رێبازێکی شیکاری- وەسفیی بەستووە، هەوڵمان داوە بە پێی ئەم میتۆدە لە رووی تیۆریەوە باسی بنیاتی رووداو کراوەو نموونەی وەرگیراو لە کورتیلەچیرۆکەکان شیکراوەتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێك دێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی تیرۆی بنیاتی رووداو لەکورتیلەچیرۆکدا، ئەمیش کراوەتە دوو تەوەرەو لە تەوەرەی یەکەمدا باسی زاراوەی رووداو و کورتیلەچیرۆك کراوەو هەروەها پێناسەو گرنگی رووداو و باسکراوەو چەند پێناسەیەکی کورتیلەچیرۆك خراونەتە روو، هەروەها ئاماژە بەو کەسانەش کراوە کە لەسەرتادا گرینگیان بە رووداو داوە، هەروەها چەمك و پێناسەی کورتیلە چیرۆك خراوەتە روو هەروەها تایبەتمەندیەکانی کورتیلەچیرۆك و رووداو بە چەندخاڵێك باسکراون. لە تەوەری دووەمدا هەردوو جۆری رووداوی سەرەکی و لاوەکی دەرخراون و لە جۆرەکانی بنیاتی رووداویش چوار جۆرە بنیاتی(تێکهەڵکێش، زنجیرەیی، هاوتەریب، بازنەیی) بە شێوەیەکی تیۆری دەرخراون.بەشی دووەمیش تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی بنیاتی رووداوو ئەم بەشەش کراوەتە دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی رووداوی سەرەکی و لاوەکی کراوەو نموونەی چیرۆکەکان دەرخراون، لە تەوەرەی دووەمیشدا کە تایبەتە بە جۆرەکانی بنیاتی رووداو، بە نموونەی کورتیلەچیرۆکەکان نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە.

## بەشی یەکەم: بنیاتی رووداو لە رووی تیۆرییەوە

### تەوەرەی یەکەم: زاراوەو پێناسە و گرینگی رووداو و کورتیلەچیرۆك

### 1-1 زاراوەی رووداو:

رووداو وەکو زاراوەیەك لەفەرهەنگدا بەچەند شێوەیەکی جیاجیا هاتووە، لەفەرهەنگی(خاڵ)دا هاتووە: روودان: قەومان و پەیدابوونی شتێکە، یان رووداو شتێکە کە روویدابێ(خاڵ، ١٩٦٠: ٢٢١)، لە(هەنبانە بۆرنیە)دا زاراوەی رووداو بەواتای(قەومان، بەسەر هات)(هەژار، ١٣٨٨: ٣٥١)هاتووە، هەروەها لە فەرهەنگی(یاد) کە فەرهەنگێکی(کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)یە، لە بەرانبەر وشەی رووداو و بەسەرهات، وشەکانی (حادث، واقعه، حدث، Event ) هاتووە (ئەحمەد، ٢٠٠٢: ٢٤٠)، کەواتە لەبەرانبەر وشەی رووداو لە ئینگلیزیدا وشەی Event هەیە، سەرەرای ئەمەش لە فەرهەنگی ئۆکسۆردی ئینگلیزیەکاندا جگە لەوشەی Event وشەکانی(happening, incident, occurrence)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتووە(Hornby، 2003: 429)، لە فەرهەنگە عەرەبیەکاندا بەرانبەر وشەی رووداو وشەکانی(حدث، حدوثا، والحادث والحدیثە، واحدث، فول القصة الحدوثە، القصە، الواقعة....) هاتووە(بن ابراهیم، ٢٠٠٥: ٣٥٠)، هەروەها لە فەرهەنگی فارسیدا بە(حدث: نوێ، شتێ کە تازە ڕووی دابێ، رووداو، داهێنان) هاتووە(عەبدوڵلا پوور، ٢٠٠٨: ١١)، هەموو ئەو وشەو زاراوانە دەوڵەمەندی واتای ئەو زاراوەیەیە، بەڵام هەموویان لەچوارچێوەی ئەوەدا کۆکن کە رووداو، قەومان، یاخود بەسەرهات، کارێکە روویدابێت و بەسەرهاتێك بە هۆی هۆو هۆکارێکەوە هاتبێتەکایەوە.

## 2-1 گرینگی رووداو:

سەرەتای گرنگی دان بەرووداو بۆ (ئەرستۆ) دەگەڕێتەوە، هەر لە کۆنەوە گرنگی بەرووداو داوەو لە کتابی(هونەری شیعر)دا باسی ئەم دیاردەیەی کردووەو لە باسکردنی تراجیدیادا وای لێکراوەتەوە، کە تراجیدیا((لاسایکردنەوەی کردەوەیەو کردەوەش چەند کەسێکی دەوێ بۆئەوەی جێ بەجێی بکەن و ئەو کەسانەش بێگومان هەندێ سمای تایبەتیان لە هزرو کەسێتیدا هەیە، هەر ئەم دوو ڕەگەزەشە کە جۆری کردەوەکە دیاری دەکەن))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤: ٢٨)، لێرەدا(ئەرستۆ)دیاردەی تراجیدیا بەلاسایکردنەوەی کردەوەو رووداو لێکدەداتەوە، بەڵام ئەو کردەوانە پێویستیان بەکارەکتەرە، واتا پێویستە کارەکتەر هەبێت و ئەم رووداوانە ئەنجام بدات و هەڵیانبسوڕێنێت.

گرنگی رووداو لەوێدا دەردەکەوێت، کە لە بنیاتی هونەریدا دەبێت رێکبخرێت، چونکە بەهۆی رێکخستنی رووداوەکانەوە نووسەر دەتوانێت بنیاتی دەقی چیرۆك دروست بکات، هەروەها ڕووداو یەکەی بونیاتنەرە، چونکە بەبێ بوونی ڕووداو چیرۆك ناتوانێت بەردەوام بێت و بەزیندویی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی چیرۆکی کامڵ بەبێ رووداو نایەتە بەرهەم(عەبدوڵا، ٢٠٢١: ٢٤).

لەڕەخنەی نوێدا بۆچوونی جیاجیا دەربارەی رووداو هاتنە ئاراوە، بەتایبەتی بۆچوونەکانی (پرۆپ و تۆماشێفسکی و بریمۆن و کریماس)، لە دواتریشدا بۆچوونەکانی (تۆدۆرۆڤ و رۆلان بارت و جیرارجینێت) هاتنەئاراوە، ئەو نووسەرانە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان لە بابەت رووداوەوە، بۆچوونەکانیان لەگەڵ ئەوانەی دیکە هەندێك پێشوەچوونی بەخۆیەوە دی(سعید، ٢٠١٣: ٢١)، لە هەموو ئەوانەش زیاتر پێگەی ڕووداو لەسەردەستی(مۆپاسان) جێگەی خۆی گرت و لە چیرۆکدا ئاشکرابوو، ئەویش لەژێر کاریگەری ئاڕاستەی واقعیەتی نوێ، وای وێنا دەکرد، ژیان لە چەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چرکەساتێکی جیاواز پێکدێت، بۆیە بەلای ئەو نووسەرەفەرەنسیەوە چیرۆك بریتی بوو لە وێناکردنی تەنها رووداوێك لەیەك زەمەن یان ژینگەیەکدا، لە لەپێش خۆی و نە لەدوای خۆی جودا نابێتەوە، دوای ئەم دیدگایەی(مۆپاسان) ڕووداو بوو بە تەوەرێکی سەرەکی و بنەرەتی چیرۆك و بە توندی دەستی پێوە گیراو ناتوانرێت دەست بەرداری بێت.(شربیط، ١٩٩٨: ٢٢)، کەواتە ئەم توخمە گرنگی خۆی هەیە و رۆڵێکی سەرەکیش لەبنیاتنانی دەقی هونەریدا دەگێرێت.

### 3-1 پێناسەی رووداو:

نووسەرانی ئەدەبی گێڕانەوەیی بەپێی دیدگاو بۆچوونی خۆیان پێناسەی جیاجیا بۆ ڕووداو دەکەن، هەرچەندە بنەمایەکی سەرەکی دەقی گێڕانەوەبەندەکانەو رۆڵێکی دیار لەبنیاتی دەقە ئەدەبیەکاندا دەبینێت و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی وەکو(کات، شوێن، کارەکتەر..هتد) پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای پێکهێنان و تەواوکردنی دەقی ئەدەبییە، هەموو بەیەکەوە بنیاتێکی گشتی دەهێننەکایەوە.

(ئەرستۆ) کاتێك باسی تراجیدیا دەکات و توخم و رەگەزە پێکهێنەرەکانی بەسەر شەش بەشدا دابەشدەکات، دوای ئەوەی تراجیدیا بە بەلاسایکردنەوەی رووداوێك دەناسێنێت و دەڵێت توخمەکانی بریتین لە: ((رووداو، کەسێتی، داڕشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی. دوانیان وەسیلەی پێشکەشکردنی کردەوەن و ڕەگەزێکیش بریتیە لە شێوازی لاساییکردنەوە))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤: ٢٨)، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە(ئەرستۆ) هەستی بە رۆڵی رووداو کردووەو بەهۆی ئەمەشەوە لەم ریزبەندکردنەدا ئەوی لە پلەی یەکەمدا داناوەو بنەمایەکی سەرەکیی و پێکهێنەری بنیاتی دەقی تراجیدیایە. (جیراڵد برەنس) پێناسەی رووداو دەکات و دەڵێت:((رووداو زنجیرە بەسەرهاتێکی پێکەوە بەستراوی واتادارە کەلەچوارچێوەی رێچکەکردارێکدا لەسەرەتاو ناوەڕاست و کۆتاییەوە بەدوای یەکدا دێن))(برنس، ٢٠٠٣: ٢٩)، کەواتە رووداو کۆمەڵێك بەسەرهاتە بەشێوەیەکی زنجیرەیی وەك رێچکەیەك بەدوای یەکتریدا دێن و کە دەبێت بەیەکەوە بەستنەکەیان واتاداربێت. (دیڤید وورد) کاتێك پێناسەی رووداو دەکات پەیوەستی دەکاتەوە بەپرۆسەی گێرانەوەو بەپێی ئەوەی کە بەشداری دیاردەی گێڕانەوە دەکات و دەڵێت((رووداو شتێکی سەرپێی نییە، بەڵکو زیاترە لەوەی تەنیا شتێك بێت و رووبدات،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونکە بەشداری لەپرۆسەی گێڕانەوەدا دەکات، هەروەك چۆن بەشداری دەکات لەسەرەتاو کۆتایدا))(وورد، ١٩٩٩: ٢٤) ئەمەش جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی رووداو سەرەتاو کۆتایی هەیە، وەك توخمێکیش تەنها شتێکی ئاسایی نییە رووبدات، بەڵکو بەبایەخەوە بەشدارە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا.

### 4-1 زاراوەی کورتیلەچیرۆک:

کورتیلە چیرۆک ئەو زاراوەیەیە کە لەنێو دونیای ئەدەبدا نوێیەو لە ئەدەبی هاوچەرخ و مۆدێرندا بەکارهاتووە، لە ڕووی دارِشتنی زمانەوانییەوە وشەیەکی لێکدراوە، پێك دێت لە وشەی ناسادەی (کورتیلە) لەگەڵ وشەی (چیرۆک)، یەکدەگرن وشەی (کورتیلەچیرۆک) دێتەکایەوە، ئەم زاراوەیە بۆ ژێر چەشنە ئەدەبێکی سەربەخۆ دەبێتە ناو و لەرووی شێوەو رووخسارو ناوەرۆکەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم ژێر چەشنە ئەدەبیە سەر بە لقی چیرۆکە، ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ چیرۆکێکی زۆر کورت، کە دیاردەیەکە لە ئەدەبی مۆدێرندا سەری هەڵداوە. لە ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێ زاراوەی دیکە بەکارهێنراون، وەکو زاراوەکانی (چیرۆکی ئێجگار کورت، چیرۆکۆکە، چیرۆکیلە، رۆژانەچیرۆک، سەرنجەچیرۆک، پۆستەچیرۆک، چرکەچیرۆک، خونچەچیرۆک، میکرۆچیرۆک)(رەشید، ٢٠١٦: ١٢). بەڵام لە هەموویان چالاکتر زاراوەی (کورتیلەچیرۆک)ە، هەر لەبەر ئەوەش ئێمە لێرەدا ئەم زاراوەیەمان بۆ ئەم بەرهەمە ئەدەبیە بەکارهێناوە. لە زمانی عەرەبیشدا بۆ کورتیلەچیرۆک زاراوەی (القصة القصیرە جدا، الاقصوصة) لە زمانی ئینگلیزیشدا (VERY SHORT STORY) (الحسین، ٢٠١٠: ٢٦)، بەکاردێت.

### 5-1چەمك و پێناسەی کورتیلەچیرۆك:

کورتیلەچیرۆك وەکو ژانرێکی ئەدەبی تازە لە دوای دووەم جەنگی جیهانی لە نێو ئەدەبیاتی رۆژئاوایی بە هۆی هەندێك فاکتەری گرنگ و خێرای رۆژگارو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو پەیدابوونی ماشینەگەورەکان و چاپەمەنی و بە ئامێربوونی مرۆڤ، دەستی بە پەرەسەندن کردووەو توانیویەتی لە ماوەیەکی کەمدا سنووری وڵاتان ببڕێت و لە نێو زۆربەی ئەدەبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەتەوەکاندا بڵاوبێتەوە، ((کورتیلەچیرۆك شێوازێکی تازەترە لە کورتە چیرۆك و بەگەشەسەندنێکی هونەری چیرۆك دادەنرێت، لە تواناداپە هونەری کورتیلەچیرۆك بە بچووکی قەبارەو درێژییەکی دیاریکراو، خێرایی ڕەوتی گێڕانەوەو، بەسادەیی ڕستەو، وشەکان، کورتبێژی لە دەربڕینداو هاوڕێ لەگەڵ مامەڵەکردنێکی تایبەتدا لە مەزراندنی شوێن و کەسایەتیەکاندا لە جۆرەکانی تری جیابکرێتەوە))(سەعید، ٢٠٠٨، ٥)، کەواتە پێویستیەکانی ڕۆژگارو خێرایی و تێژ تێپەڕین و پەلەپەلیەکانی ژیان و کورتبوونەوەو مۆدێرنەتەو جیهانگیری هۆکاری هاتنەکایەی ئەو هونەرەن.

کاتێك باس لە کورتیلەچیرۆك دەکرێت، بەرهەمەکەی (ناتالی ساروت) (Tropismes) دێتە بەر دیدگامان و کە لە زمانی عەرەبیدا بە(انفعالات)و لە کوردیدا بە(هەڵچوونەکان) وەرگێڕدراوە، کە ناونیشانە سەرەکیەکە وشەیەکە جگە لە زمانە لاتینییەکان هیچ وەرگێڕانێکی نییەو هیچ لێکدانەوەیەکی نییە، هەروەها سەبارەت بە هەڵچوونەکان (فتحی العشری) دەڵێت: دەتوانرێت لە ژێر هەندێک جۆری ناسراوی داهێنراوی ئەدەبیدا جێگیر بکرێن، وەک... چیرۆک و شیعری ئازاد... لە هەمان کاتدا ناتوانرێت بخرێنە ژێر هیچ جۆرە داهێنراوێکی ئەدەبی ناسراو و نەناسراوەوە (العشری، ١٩٧١: ٢٥-٢٧).

(کاترین ئان پۆتەر) دەڵێت: ((کورتیلەچیرۆک کارێکە کە لە پلەی یەکەمدا بیرۆکەیەک بخاتەڕوو لە هەمان کاتدا هەندێ زانیاری دەربارەی سروشتی مرۆڤ بەهەستێکی قۆڵەوە دەربخات))(بردی، ٢٠١٠: ١٤)، ئەم پێناسەیە ئاماژەیە بۆ قوڵبوونەوەو وردبوونەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە بەشێوەیەکی سەرنجراکێش دەیخاتەڕوو دەربارەی هەندێك زانیاری وردی سروشتی مرۆڤ کە لە ناخ و هەستێکی قوڵەوە دەربخرێت. لە پێناسەیەکی دیکەی کورتیلەچیرۆکدا کە (ئەحمەد جاسم حسین) دەڵێت((کورتیلەچیرۆک چەشنە ئەدەبیەکەو سەر بەچیرۆکەو ڕووداو و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، کە بە هۆی ئابوریکردن و تەکنیکە تایبەتەکانی زمان و چڕکردنەوە هاتۆتە بوون و وەک ژانرێکی ئەدەبی مۆدێرن دەزانرێت))(الحسین، 2010: ١١).

**6-1 تایبەتمەندی و بنەمای هونەری کورتیلە چیرۆك:**

قەوارە و پانتایی کورتی لە کورتیلەچیرۆکدا بچووکە، بۆیە لەم ژێرچەشنە ئەدەبییەدا چیرۆکنووس بایەخ بە کورتی و چڕی دەدات و لەبارەی هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی دەقی گێڕانەوەی کورتیلەچیرۆک وەکو (کاراکتەر، کات، شوێن، ڕووداو...) بە شێوەیەکی چڕو کورت پیشان دەدرێت و درێژناکرێنەوە لانیکی کورت و کەم دەردەخرێت.

1-کاراکتەر لە کورتیلەچیرۆك بە شێوەیەکە کە چیرۆکنووس ناتوانێت هەموو لایەنەکانی ژیانی کەرەکتەر پیشان بدات و شۆڕبێتەوە بۆ دەروون و ناخیداو لایەن و ڕەهەندە پێکهێنەرانی پیشان بدات، واتە وردەکارییەکانی باس ناکرێت، بەڵکوو وەکو کەسێکی ئاسایی یان بینەری ڕووداوێک دەردەخرێت و تەنها ئەو لایەنی کاراکتەر باسی دەکرێت کە پێویستە بە ڕووداوەکەوە، هەروەها باسکردنی ڕابردووی کارەکتەر هەتا گەیشتووەتە بەم کاتەی تیایدایە گونجاو نییە.

2- کات لە کورتیلە چیرۆکدا بە کورتکردنەوەیەکی زۆر چڕ جیادەکرێتەوەو لە ساتەکاتێکی زۆر کورت باس دەکرێت، کات زۆربەی جار کاتژمێرێک یاخود تاکە ڕۆژێک، بە دەگمەن دەگاتە هەفتەیەک.(السعدون، 2012: 24)، هەروەها هەندێک جار کات هەر باس ناکرێت خوێنەر دەبێت خۆی درکی پێ بکات. هەروەها بە هۆی بچووکی قەوارەکەی کەمتر ڕێچکەکانی پێپێشخەری و دواخراوی تیادا دەردەکەوێت و لە بابەت سیستەمی کاتیش خێرکردن و کورتدنەوەی تێدا بەکاردەهێنرێت و کەمتر بەلای وەس و دیمەندا لا دەکاتەوە.

3-شوێن لە کورتیلەچیرۆکدا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا هەیە، شوێن توخمەکانی دیکە لە خۆی دەگرێت، هەرچەندە بە هۆی قاوەرەکەیەوە ناتوانرێت بە شێوەیەکی درێژو ورد هەموو لایەنەکانی شوێن باس بکرێت، هەندێك جار ناوی هیچ شوێنێک لە کورتیلەچیرۆکدا ناهێنرێت، بەڵام خوێنەر دەبێت هەست بە بۆنی شوێن بکات، واتە چیرۆکنووس مامەڵەیەکی فیزیکی لەگەڵ شوێندا ناکات بە تایبەتی کاتێک باس لە چرکەساتێکی خێرا دەکات، لەم کاتەدا باسکردن یان نەکردنی شوێن هیچ لە مەبەستەکە ناگۆڕێت و دەبێت خوێنەر گریمانەی شوێنێک بکات.

4- لە کورتیلەچیرۆکدا گێڕانەوە بە خێرایی تێدەپەڕێت، واتا جۆری گێڕانەوە لە کورتیلە چیرۆکدا لەبەرانبەر ژێرچەشن و چەشنەکانی دیکەی گێڕانەوەبەند لەوپەڕی خێراییدایەو چڕترین شێوازی هەیە، بۆیە پێویستی بە کۆمەڵێک تەکنیک و ڕەگەز هەیە، کە بە شێوەیەکی شۆکهێنەرەو سەرسامی بهێنێتە کایەوە.

5-وەسف لە کورتیلەچیرۆکدا کەمترین دەرکەوتنی هەیە، چونکە هەبوونی وەسف گێڕانەوە درێژدەکاتەوەو قەبارەی کورتیلەچیرۆک گەورە دەکات.

جگە لە بابەت ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە توخمە پێکهێنەرەکانی بنیاتی کورتیلەچیرۆکدا هەن، شتێکی دیکەی گرنگ هەیە کە پەیوەندی بە قەوارەی کورتیلەچیرۆك هەیە، ڕەخنەگران و توێژەران، بیانی و ناوخۆییەکان، ئاماژەو جەخت لەسەر قەوارەو ژمارەی وشەکانی کورتیلەچیرۆک دەکەنەوە، (جی. دەبلیو. تۆماس) چیرۆکی (300-1000) وشەیی بە کورتیلەچیرۆك دادەنێت(رضی و روستا، 1388: 81)و هەروەها (ولیام مارچ) پێی وایە درێژی کورتیلەچیرۆکێك لە خوار (1000) وشەویە(تەرەغە، 2013: 115). (عادل گەرمیانی) لە نێوان(٥٠٠- ١٥٠٠) وشەی دیاری کردووە(ڕەشید، 2016: 126-136)و هەروەها (ئازاد محەمەد سەعید) لە نێوان(٥٠٠- ١٥٠٠) وشەی داناوەو (١٢٠٠) وشەی پێ باشترییینە(سەعید،2008: 42-43)، هەروەها(سەنگەر نازم) ژمارەی وشەکانی کورتیلەچیرۆکی بە(٢٥٠) وشە دیاری کردووەو، (حوسێن، ٢٠٢٣: ٤٦)، (محەمەد فەریق حەسەن) ژمارەی وشەکانی بە(300-350) وشە دیاری کردووە(حەسەن، ٢٠١٢: ٢٦٩- ٢٨٣). لێرەدا ئەوەی گرنگە هەر تەنها دیاری کردنی قەوارەو ژمارەی وشەکان نییە، بەڵکو دەبێت کۆی بنەماکانی دیکە لەسەر ئەم ژێرچەشنە ئەدەبیە بونیان هەبێت، تا ڕێژەیەکی باش، ئەوەی ئێمە لێرەدا گەڵاڵەمان کردووەو بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوە شیکارکردنی نمونەی کورتەچیرۆك و کورتیلەچیرۆکەکانی باشوری کوردستان لەماوەی ساڵانی(١٩٧٠- ١٩٨٠)، ئەوەیە کە ژمارەی وشەی کورتیلەچیرۆکمان بە(٦٥٠- ٧٠٠) وشەو کەمتر دیاری کردووە، ئەگەر لەم قەوارەیە زیاتر بێت، ئەوا بنەماکانی دیکەی نێو کورتیلەچیرۆك دەشێوێت و بەرەو کورتەچیرۆك دەچێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7-1 تایبەتمەندیەکانی رووداو لە کورتیلەچیرۆکدا:

رووداو لە کورتیلەچیرۆکدا توخمیکی گرنگەو دابڕاو نییە، بەڵکو لەگەڵ توخمە بنچینەییەکانی دیکە لە بارێکی تەواوکارییەو بە هەموویان ئەرکەکانی بنیاتی کورتیلەچیرۆکێك پێکدەهێنن. هەروەها کاتێکیش باسی کورتیلەچیرۆك دەکرێت، دەبێت بارێکی تایبەت بۆ قەوارەکەی دابنرێت، بە پێی رادەی درێژی و کورتی رووداوەکان و نابێت درێژبکرێتەوەو چەند رووداوێکی تێدابێت، هەروەها زۆربەی جار. لە خوارەوە چەند تایبەتمەندیەکی رووداو ئاماژە پێدەکەین.

1-ڕووداو لە کورتیلە چیرۆکدا زۆربەی کات ڕووداوێکی سادەیە تێگەیشتن لێی سەخت نییە و پێویستە لە بارەی تاکە مەسەلەیەکی تەواو بێت و لق و پۆپ لێبوونەوەی بۆ ڕووداوی لاوەکی تێدا نەبێت(مجموعه من مؤلفین، 1978: 7).

2- لە کورتیلەچیرۆکدا دەبێت تاکە ڕووداوێک هەبێت کە زیاتر چڕیەتی و وردی لە کورتیلەچیرۆک دەستەبەر دەکات و نووسەر دەسەڵاتی بە سەردا دەشکێت، بۆ گەیاندنی پەیامەکەی.

3- ڕووداو لە هەڵبزو دابەز نییەو بە بچووکترین گۆڕان لەوپەڕی هەڵکشاویەوە دەگاتە ئەوپەڕی داکشاوی خۆی وابەستە ناکات بە نیشاندانی ململانێ بەڵکوو وابەستەیە بە گەیشتنە لووتکەی ئەو ململانێیەو لە ناوەرۆکدا نادیاری و شاراوەی لەخۆدەگرێت کە بوونەتە بەرزبوونەوەو بە لووتکە گەیشتن(الحسین، 2010: 45).

4-ڕووداو پەیوەستە بە خوێنەر چونکە خوێنەر کاتێک دەگاتە سەر ڕووداوەکەو لەوێدا دەیبینێت کە پێیگەیشتووە، لەو کاتەدا خۆی تەواوی دیمەنەکان بەرجەستە دەکات(کولایی و ابوخیلی، 1393: 79).

5-لە بابەت سەرچاوەی ڕووداوی کورتیلە چیرۆک، چیرۆکنووس دەتوانێت سوود لە ڕووداوی فەنتازی و واقیعی وەربگرێت بەڵام لە کورتیلە چیرۆکدا زیاتر ڕووداوی واقعی بەرچاو دەکەوێت و بە شێوەیەکی سادە ڕووداوەکانی ژیانیان تیادا بەرجەستە دەکرێت(حوسێن، 2023: 172).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6-لە ڕووی بابەتیەوە وێنەیەکی خێرایی ژیان باس دەکرێت و کەمتر بە لای فەلسەفە و بابەتی مێژوویی و سیاسەتدا دەچێت و زیاتر بابەت و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تیادا پیشان دەدرێت(کولایی و ابوخیلی، 1393: 306)، واتا کورتیلەچیرۆکدا ڕووداو پەیوەستە بەکەسایەتی تاکێکەوە لەچاو ژیانیدا ساتەکاتێکی زۆر کورتە، یان مشتێک یان نموونەیەک یان هەڵوێستێک لە ژیانی وەردەگیرێت.

7-پارادۆکس ڕۆڵی گرنگ لەگێڕانەوەی ڕووداوی کورتیلەچیرۆکدا دەبینێت.(حەسەن، ٢٠١٢: ٢81).

8- گرێچن بەهەرسێ بارەکانیەوە (سەرەتاو لوتکەو خاوبوونەوە) زۆر بەڕوونی دیار نییە، تێکچرژانیان پێوە دیارەو هەروەها چرو خەست و وردو بروسکە ئاسایە، ناواخنی تیادا نییە لە رستەیەک تاپەرەگرافێکە مەرج نییە چەند لاپەڕەیەک بێت، هەروەها دەسپێک و چوونە ناو ڕووداو زۆر خێرایەو تێکچرژانی پێوە ئاشکرایە(سەعید، 2008: 43).

9- رێچکەی ڕووداو لە ژیانی ئاسایدا لە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) پێیك دێت، بەڵام لە کورتیلەچیرۆکدا زۆرینەی جار لە ناوەڕاست یاخود کۆتاییەوە دەست پێدەکات.

## تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی ڕووداو و بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕووی تیۆرییەوە

### 1-2 جۆرەکانی ڕووداو:

ڕووداو بنەمای گێڕانەوەی چیرۆکە، بیرو بۆچوون و تێڕوانینی نووسەر لەڕێگەی ڕووداوە پێشکەش دەکرێت، بۆیە هەبوونی ڕووداو لە دەقی گێڕانەوەییدا کارێکی گرنگە، هەروەها نەبوونیشی، دەقەکە دەکاتە گێڕانەوەی هەواڵێکی سادە، بۆیە گێڕانەوەی هەر چیرۆکێك پەیوەستە بەو ڕووداوانەی ناوەڕۆکی چیرۆك پێکدەهێنن.

سەرچاوەی ڕووداوی کورتیلەچیرۆك خەیاڵ یاخود واقیع بێت، گرنگ ئەوەیە چیرۆکنووس چۆن ئەو ڕووداوە بەشێوەیەکی هونەری پێشکەش بکات. واتا لایەنی هونەری دەور دەبینێت، چونکە((کەرستەو بابەت هەرچەندە بەهێزو پێزو گرنگ بن، چیرۆکنووسی بێ توانا چیرۆکێکی مەزنی لێ پەیدا ناکات))(ئاگرین، ٢٠٠٠: ١٥)، کەواتە ڕووداوەکان هەرچۆنێك بن گەورە یان بچووك، سەخت یاخود سادە،

ئەوا توانای چیرۆکنووس لەم لایەنەوە دەردەکەوێت کە چ جۆرە بەرهەمێك دەهێنێتە کایەوەو دەبێت بەشێوازو بنەمای هونەری رووداوەکە بنیات بنرێت، هەروەها ئەم رووداوانە هەریەکەو بەپێی گرنگی خۆی دەورو رۆڵیان پێ دەدرێت، بەپێی ئەو ڕۆڵانەی دەیبینن لەچیرۆکدا دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

## 1-1-2 رووداوی سەرەکی:

رووداوی سەرەکی ئەو رووداوەیە کە بنیاتی چیرۆکی لەسەر دادەمەزرێت، بۆیە چیرۆکنووس لەبنیاتنانی چیرۆکدا بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی پێدەدات، لەگەڵ ئەوەشدا رووداوی سەرەکی مەبەست و ئامانجی چیرۆکنووسە، لەبەرئەوەی چیرۆکنووس چیرۆکێك دەگێڕێتەوە، دەیەوێت لەڕێگەی ئەم گێڕانەوەیە مەبەستێك دەربخات، ئەم گێڕانەوەیەش بەشێوەیەکە لە شاراوەترین و نهێنیترین خاڵەوە دەست پێدەکات، بۆیە((ناوەرۆکی هەر چیرۆکێك لە خولیای بابەتێکی سەرەکیدا دەسورێتەوەو چیرۆکنووسی دەربڕین و گەیاندنی مەبەستێکی بەلاوە گرنگە))(سابیر، ٢٠٠١: ٨٩)، کەواتە رووداوی سەرەکی سەرچاوەی ئەو بیرە سەرەکییەیە یان ئەو بابەتەیە خۆی بەسەر چیرۆکدا دەسەپێنێت و چیرۆکنووس بیری خۆی تێدا گەڵاڵە دەکات و لەکۆتایشدا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، واتا ناوەڕۆکی چیرۆك و هەبوونی بابەتی ناوەڕۆك لەرووداوی سەرەکیدا چەسپاوەو مەبەستەکە لەوێدا تەواو دەبێت، کە چیرۆکنووسیش دەیەوێت تەنها ئەوە بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە.(روب غريبة، بدون سنه الطبع: ٣٧)، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕووداوی سەرەکی چەمکی خودی چیرۆکنووسە لەڕووی بیرو ئەزموون و ڕۆشنبیری و توانای داهێنانی لەکارەکەیدا، بەتایبەتی لەڕووی ئەو ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوانەی لەڕێچکەو ڕێکخستنی رووداوەکاندا بەشێوەیەکی هونەری بەدوای یەکدا بێن(مستەفا، ٢٠١٠: ٦٠). لە بەرئەوەی رووداوی سەرەکی رووداوێکی گرنگە لەچیرۆکدا، چیرۆکنووسیش بایەخێکی تایبەتی پێدەدات و لە دارشتنیدا ماندوبوونێکی زۆرتر دەبینێت، هەروەها کۆڵەکەو بناغەی بابەتی چیرۆکەو چیرۆکیش لەپێناوی ئەودا دەگێڕدرێتەوە.

لە چیرۆکدا زۆربەی جار رووداوێکی سەرەکی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین رووداوی لاوەکی هەن، کە ئەم رووداوە لاوەکیانە پاڵنەرن بۆ چوونەپێشەوەی رووداوی سەرەکی، واتا رووداوە لاوەکییەکان دەبێت زیاتر لەخزمەتی رووداوە سەرەکییەکەدا بن و مەبەست و ئامانجی نەشارنەوە.

## 2-1-2 -2 ڕووداوی لاوەكی:

ڕووداوی لاوەكی ئەو ڕووداوانەن لە بنیاتنانی چیرۆكدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن، لەڕەخنەی ئەدەبیدا هەندێكجار بەم جۆرە ڕووداوە دەڵێن ڕووداوی پاشكۆیی، مەبەست لەلاوەكی یاخود پاشكۆیی ئەوەیە، ئەم ڕووداوانە لەگەڵ ڕووداوە سەرەكیەكان دێن و ڕۆڵیان زیاتر بۆ ڕوونكردنەوەو دەرخستنیانە، چونكە چیرۆكنووس بەهۆیانەوە ئەو بۆشایی و كەلێنانە پڕ دەكاتەوە، كە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دروست دەبن، بۆیە ڕووداوی لاوەكی ڕۆڵ و گرنگیان هەیە، كە ڕۆڵ و گرنگیەكەشیان كەمتر نییە لەڕووداوە سەرەكیەكان لە پرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆكدا. ڕووداوی لاوەكی پاڵنەری ڕووداوە سەرەكییەكانن، چونكە لە هەڵكشان و داكشانی ڕووداوەكان و چوونەپێشەوەی بەسەرهات و ئاڵۆزبوون و سادەكردنەوەی ڕووداوەكاندا هۆكارێكی كاریگەرن، بۆیە چیرۆكنووس((پەنایان بۆ دەبات، بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەو قوڵبوونەوەو شیكردنەوەی ڕووداوە سەرەكیەكان لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەی دەق. بەمەبەستی دروست كردنی پەیوەندییەكی دیالێكتێكی لەنێوان هەردوو جۆری ڕووداوی سەرەكی و لاوەكی، تاكو دینامیكیەتی ڕووداوەكان بەشێوەیەكی چالاك و كاریگەر و زیندو پێشكەش بەخوێنەران بكات)).(مستەفا، ٢٠١٠: ٨٤)، كەواتە ڕووداوی لاوەكی یاریدەدەرێكی گرنگی ڕووداوی سەرەكییە بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی جوان و پتەو مەبەست و بیری چیرۆكنووس لەبنیاتێكی هونەریدا بگەیێنێتە خوێنەر، لێرەدا ڕۆڵ و گرنگی ڕووداوی لاوەكی دەردەكەوێت كە چیرۆكنووس وەك پاڵپشتیەك بۆ بەئەنجام گەیشتنی ڕووداوی سەرەكی دەیانهێنێتە ناوەوە.

## 2-2 جۆرەكانی بنیاتی ڕووداو:

چیرۆكنووسان بۆ گێڕانەوەی ڕێكخستنی ڕووداوەكان هەریەكەو پەیڕەوی چەندین تەكنیكی جیاجیا دەكەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتواندرێت دوو شێوەی سەرەكی ئاماژەیان بۆ بكرێت:

1_ ئەو شێوە ڕێكخستن و بنیاتنانەی كە گێڕەرەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداو بەگوێرەی كاتی مێژووی دەیان گێڕێتەوە.

2_ ئەو شێوە ڕێكخستن و بنیاتنانەی كە گێڕەرەوە بەئارەزووی خۆی ڕووداو دەگێڕێتەوەو ڕێرەوی ڕووداوەكان تێكدەشكێنێت.(العيد، ١٩٩٧: ٧٤)

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتای بایەخدان بەرێکخستن و بنیاتنانی رووداو دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی نووسەرە رووسەکان، هەر ئەوانیش بوون کە بنەماکانی رووداویان بەشێوەی زنجیرەیی داناو دواتر لێکیان هەڵوەشاندەوە و تێکیان شکاند، لەنێو فۆرمالیستە رووسەکان یەکەمین کەس کە بایەخی بەبنیاتی رووداو داوە(ڤلادمێر پرۆپ)ە، بۆیە((بەیەکەم کەس دادەنرێت کەبایەخی بەم شێوانەی بنیاتی رووداو داوە))(سەعید، ٢٠٠٩: ٤٠) دوای ئەمیش(شکلۆفسکی) هات و لەسەر بنەمای ئەو بنیاتانەی(پرۆپ) داینابوون زیاتر بایەخی بەم شێوانەی بنیاتی رووداو دا بەتایبەتی دوای ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر چیرۆك و رۆمان کردبوونی چەندین بنیاتی رووداوی دیاریکرد کە بریتین لە:(بەدوای یەك، تێکهەڵکێش، لەخۆگرتن، هاوتەریب، بازنەیی، تێکەڵ)( نصوص الشكلانيين الروس، ١٩٨٢: ١٢٢-١٤٩)، هەروەها دواتر(تزڤیتان تۆدۆرف) ئەم بنیاتانەی لەسێ جۆردا کورت کردەوە کە ئەوانیش بریتی بوون لە: (بەدوای یەك، لەخۆگرتن، نۆرەیی)، پێشی وابوو لەتێکەڵکردنی ئەم سێ جۆرە بنیاتە بنیاتەکانی دیکە دێنە کایەوە(تۆدۆرف، ١٩٩٠: ٧٠). لەژێر رۆشنایی ئەم بۆچوونە جیاجیانەی دابەشکردنی جۆرەکانی بنیاتی رووداو، لێرەدا جۆرەکانی بنیاتی رووداو دابەش دەکەین بۆ ئەمانە:

### 1-2-2 بنیاتی تێکهەڵکێش:

توێژەران لە بەرانبەر ئەم جۆرە بنیاتە چەند ناوێکی دیکەی وەکو(تێکچرژاو، تێکەڵاو، چوونە ناو یەك، چیرۆك لە ناو چیرۆك، رووداو لەناو رووداو)یان بەکارهێناوە.

لەم جۆرە بنیاتەدا چیرۆکنووس رووداوی دیکە دەهێنێت و تێکهەڵکێشی رووداوی سەرەکی دەکات، (تۆدۆرف) ئەم جۆرە بنیاتە پێناسە دەکات بەوەی: ((چوونە ناوی چیرۆکێکە بۆ ناو چیرۆکێکی دیکە))(جنداری، ٢٠٠١: ٨٤)، واتا چیرۆکنووس لەم جۆرە بنیاتەدا رووداوێك دەهێنێت و تێکەڵاوی رووداوی سەرەکی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پچڕان و بازدان و تێکچرژاوی لە بنیاتی رووداوە سەرەکیەکەدا روودات، بۆیە گێڕانەوەی ڕووداو لەسەر ڕێڕەوی زنجیرەیی ناڕوات، بەڵکو گێرەرەوە، بە ئارەزووی خۆی یاری بەرووداوەکان دەکات و کەی ویستی رووداوە سەرەکیەکە دەوەستێنێت و رووداوێکی لاوەکی دەهێنێتە پێشەوە. لەم جۆرە بنیاتەدا تەنها رێچکەی رووداوەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی کات تێکدەشکێنرێ، بەڵام کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی ڕووداوەکان نابێت، بەڵکو کاتی ڕێچکەی ڕووداوەکان پارچە پارچە دەبێت، بۆیە((لەرووی ناوەڕۆك و بوونەوە هیچ زیانێک بەرووداوەکان ناگەیێنێت، بەڵکو تەنها دارشتن و ریزکردنەکەی تێك دەدات))(ابو ناصر، ١٩٧٩: ٤١)، بۆیە کات بێ بەها دەکرێت و وا لەرووداوە سەرەکیەکە دەکرێت لەئێستاوە بچێت بۆ رابردوو یان داهاتوو، ئەمەش گرنگی نەدانە بە ریزکردنی رووداوەکان.

بنیاتی تێکهەڵکێش لە ئاستی گێڕانەوەی رووداو لەچیرۆکدا رۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، هەر بۆیە (تۆدۆرف) باس لەبایەخی ئەم جۆرە بنیاتە دەکات و پێی وایە کە ئەرکێکی بنەڕەتی لەپرۆسەی گێڕانەوەدا دەبینێت، بەوەی چیرۆکە تێکهەڵکێشراوەکە چیرۆکی چیرۆکێکە، لەم تێکهەڵکێشانەشدا خوێنەر دەتوانێت ماناو دەلالەتی چیرۆکەکانی لەرێگەی یەکترییەوە بۆ ئاشکرا ببێت. بەهۆی ئەو واتایانەی تێیاندا رەنگی داوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دیاردەی تێکهەڵکێشان بەسەر دوو ئاستدا دابەش دەکات:

أـ ئاستی چیرۆك: لەم ئاستەدا چیرۆکە تێکهەڵکێشراوەکە دەبێتە نمونەیەکی بچووکی چیرۆکە سەرەکییەکە.

ب ـ ئاستی گێڕانەوە: گێڕانەوەی چیرۆکە سەرەکیەکە دەپچڕێنێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە تێکهەڵکێشراوەکە.(سابیر، ٢٠٠١: ١٣٨)

کەواتە ئەو چیرۆکانەی بەپێی ئەم بنیاتە رووداوەکانیان بنیاتنراون لەدوو ئاستدا دەبینرێنەوە، ئاستێکیان رووداوی سەرەکییە، گوزارشت لە مەبەستی چیرۆکنووس لە چیرۆکدا دەکات، ئاستەکەی دیکەشیان رووداوە لاوەکییەکانە کە تێکهەڵکێشی رووداوە سەرەکییەکە کراوە.

### 2-2-2 بنیاتی زنجیرەیی:

توێژەرانی رەخنەی ئەدەبی لە بەرانبەر بنیاتی زنجیرەیی، بنیاتی (شوێنکەوتە، بەدوای یەکداهاتن، تەقلیدی)یش بەکاردەهێنن، ئەم بنیاتە بەکۆنترین و باوترین جۆری بنیات دادەنرێت، چونکە تا ماوەیەکی زۆر دەستی بەسەر هەموو بنیاتی جۆرەکانی دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا گرتبوو، چ لەحیکایەتی کۆنی خورافی یاخود داستان و حیکایەتە میللیەکان و چیرۆك و رۆمان و تائێستاش

بەردەوامی هەیە(الونسە، ٢٠٠٤: ١٢٩)، بۆیە لە دەقی گێڕانەوەبەندەکاندا ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە بنیاتەی رووداو پەیوەستە بەهونەری گێڕانەوەیی، هەروەها بێ بنیاتی زنجیرەیی مەرجەکانی هونەری گێڕانەوە نایەتەدی، چونکە ئەگەر لەچیرۆکدا بەدوای یەکدا هاتن نەبێت، ئەوا چیرۆك دروست نابێت و چیرۆکەکە دەبێتە تابلۆیەکی وەسفی جگە لەمەش توخمەکانی چیرۆك بەیەکەوە نابەسترێنەوە تەنها لەشوێندا نەبێت.(فضل، ١٩٧٨: ٣٢٢) لێرەدا کۆنی و هەروەها گرنگی ئەم جۆرە بنیاتەمان بۆ دەردەکەوت،. ئەم جۆرە بنیاتەی رووداو لەکۆندا زۆر بڵاوبووەو لەبەشێکی هەرەزۆری دەقە کۆنەکاندا بەکارهاتووە، چونکە چیرۆکگێڕەوەو حیکایەتخوانەکانی کۆن، رووداوی نێو چیرۆك و حیکایەتەکانیان لەسەر زنجیرەیەکی مێژووی تایبەت و رێکخراودا پێشکەشی گوێگرەکانیان دەکرد،(قاسم، ١٩٨٥: ٥٠)، کەواتە ئەم جۆرە بنیاتە لەم دەقانەدا زیاتر بەکارهاتووە، کە نووسەرەکەی دەیەوێت لەرێگەیەوە رووداوێکی واقعیی مێژوویی، هەروەك چۆن روویداوە بەم شێوەیە بیگێڕێتەوە. بنیاتی زنجیرەیی بەهۆی ئەوەی لە هەموو بنیاتەکانی دیکە کۆنترو باوترە، بۆیە دەتوانرێ بەدایکی بنیاتەکانی دیکە دابنرێت، چونکە بنیاتەکانی دیکە لەدوای ئەمەوە هاتوونەتە کایەوە.

### 3-2-2 بنیاتی بازنەیی:

ئەم جۆرە بنیاتە، بنیاتی(دووبارەیی)شی پێدەگوترێت، مەبەستیش لەم بنیاتە ئەوەیە، بەگوێرەی ناوەکەی بنیاتنانی رووداوەکان بەشێوەیەکی بازنەییە، واتا گێڕانەوەکە لەو خاڵەی دەست پێدەکات، دەگەڕێتەوە هەمان خاڵ، واتا کاتێك چیرۆکنووس ئەم جۆرە بیناتە لە بنیاتنانی رووداودا بەکاردەهێنێت، رووداوەکان بەئەنجام گەیشتوون و روویانداوەو کۆتاییان پێهاتووە، ئینجا دووبارە دەگەڕێتەوە رابردووی ئەم رووداوانەو هەنگاو بەهەنگاو دووبارە دەیانگێڕێتەوە، واتا هەم لەسەرەتاو هەم لە کۆتاییی باسکراون. بۆیە بەهۆی سوڕانەوەی گێڕانەوەی رووداوەکان بۆ هەمان خاڵ، بۆیە بەبنیاتی بازنەیی ناونراوە، هەروەها کاتێك چیرۆکنووس رووداوەکانی بەم جۆرە بنیات دەنێت، لەسەرەتای چیرۆکەکەدا سەرەتای رووداوە سەرەکییەکە باس دەکات، واتا گێڕانەوەکە لەوێوە دەست پێ دەکات، لەهەمان کاتدا ئەو سەرەتای رووداوە دەبێتە کۆتایی هەمان رووداو، چونکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگێڕانەوەکەیدا هێدی هێدی هەموو ئەو هۆکارانە باس دەکات، کە ڕووداوەکە پێی گەیشتووە، واتا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکە(جنداری، ٢٠٠١: ٨٠)، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بنیاتە کاتێك دەلالەتی خۆی وەردەگرێت، کە هەر چیرۆکێك ڕووداوەکانی بەم بنیاتە بگێردرێتەوە، لەیەك کاتدا سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکە پێك دەهێنێت، واتا ڕووداوێکی دیاریکراو لەچوارچێوەی چیرۆکەکەدا پێویستە لەکۆتایی بێت، کەچی لەسەرەتادا باسکراوە(سەعید، ٢٠٠٩: ٥٢)، بنیاتی بازنەیی زیاتر لە چیرۆکی پۆلیسی و حیکایە میللیەکان بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی تاوانێکی کوشتن یان دزیکردنی تێدا ڕوودەدات، لەسەرەتاوە خوێنەر ڕووبەڕووی کوشتن یان دزی کردنەکە دەبێتەوە، دواتر گێڕەرەوە بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەی ڕووداو و گەڕان بەدوای تاوانەکەو دۆزینەوەی ئەو هۆکارە هاندەرانەی کارەکتەرە تاوانبارەکە بەئەنجامەکە گەیاندوەو تاوانی کوشتن یا دزی کردنەکەی ئەنجام داوە، کەواتە لەکۆتاییدا دەیگەیێنێتەوە بەسەرەتا کە تاوانەکە تیایدا ڕوویداوە.(ابوناضر، ١٩٧٩: ٨٦).

**3-2-2 بنیاتی هاوتەریب:**

ئەم بنیاتە هەندێك جار ناوەکانی(نۆبەتی، نۆرەیی، هاوسەنگ، تەریب، هاوکاتی)یشی بۆ بەکاردەهێنرێت، دەرکەوتنی ئەم جۆرە بنیاتە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ڕابردوو، بەکارهێنانی ئەم بنیاتە بۆ گێڕانەوەی ڕووداو شێوەیەکی ئیستاتیکی بەدەقی گێڕانەوەبەند بەخشییوە، بەپێی ئەم بنیاتە ڕووداوەکانی چیرۆک بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەش دەبن، کاتی ڕوودانیان یەکە بەڵام شوێنەکەیان جیاوازە، کەواتە شوێن و کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەور دەبینێت لە بنیاتنانی ڕووداودا، چونکە کاتێك گێڕەرەوە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی هاوتەریب دەگێڕێتەوەو هەر جارەی ڕووداوێك هەڵدەبژێرێت. ڕووداوەکانی چیرۆک بەپێی ئەم بنیاتە بەشێوەیەکی هاوتەریب بەسەر دوو لایەندا دابەشدەبن و لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان، لەگەڵ کارەکتەرەکان لەپەرەسەندن دان و بەرەو پێشەوە دەچن تا لەکۆتایدا تەوەرەکان بەیەك دەگەنەوە یاخود بەهەڵواسراوی دەمێننەوە(ابراهیم، ١٩٩٠: ٥٤)، کەواتە دەبێت لەڕووداوێك زیاتر هەبێت، واتا دوو ڕووداوی سەرەکی یان زیاتری تێدابێت، کە ئەم دوو ڕووداوە سەرەکییە لە یەك کاتدا و لە شوێنی جیاوازدا ڕوودەدەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنیاتی هاوتەریب لەبنەڕەتدا سودی لەهونەری شانۆوە وەرگرتووەو بەهۆی کاریگەری بەهۆنەری سینەماو فیلمەوە هاتۆتە نێو چیرۆکەوە چونکە ئەم بنیاتە لە مونتاژەوە نزیکە کە مۆنتاژ یەکێکە لە تەکنیکە سەرەکییەکانی دروست کردنی فیلم لە سینەماداو(أ.أ.مندلاو، ١٩٩٧: ٦٦) بریتیشە لە((نمایشکردنی دیمەنێك، دواتر پچڕاندنی ئەو دیمەنەو گواستنەوەی کامێرا بۆ سەر دیمەنێکی دیکەو نمایشکردنی دیمەنێك یان چەند دیمەنێك لەو، لەپاشاندا ئەو دیمەنەش دەپچڕێنرێت و کامیرا دەگوازرێتەوە بۆ یەکێکی دیکە(ئەگەر ناوەڕۆکی فیلمەکە پەیوەستبوو بەگێڕانەوەی زیاتر لەدوو چیرۆك)، بەم شێوەیە بەش بەش لەدیمەنەکان نمایش دەکرێن تا گەیاندنیان بەکۆتایی و یەکگرتنەوەیان لەخاڵێکدا بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی مەبەستە))(محمد، ٢٠٠٩: ١٠٨), بۆیە لەسینەمادا پشت بەمۆنتاژ دەبەسترێت، چونکە ناتوانرێت لە فیلمێکدا کامێراکە تاماوەیەکی درێژ لەسەر دیمەنێك بێت، بەڵکو دەگوازرێتەوە بۆ سەر دیمەنەکانی دیکە، دواتریش بەهۆی ئەم تەکنیکەوە دیمەنە جیاجیاکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوەو لەکاتی نمایشدا شێوەیەکی زنجیرەیی مێژوویی وەردەگرن و بەهۆی تەولیفەوە بەدوای یەکدا دێن، ئەمەش(تەولیفی چیرۆك)ی پێ دەڵێن.(العانی، ١٩٨٧: ٣٥-٣٦)

## بەشی دووەم:بنیاتی رووداو لەرووی پراکتیکیەوە لەکورتیلەچیرۆکی کوردی بەنمونەی ساڵانی(1970-1980)

### تەوەرەی یەکەم: جۆرەکانی رووداو لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا

#### 1-1 رووداوی سەرەکی:

(تاهر صاڵح سەعید) لە کورتیلەچیرۆکی(ئێوارەیەکی شارەکەم) کوشتنی دوو منداڵی شاگردی چایچی کردۆتە رووداوی سەرەکی چیرۆکەکەی، ((مناڵەکان لە هەڵوێستی ئەم بەیانی یەی دایکیان سەرسام بوو بوون، ئەمیان سەرنجی ئەوو، ئەویان سەرنجی ئەمیانی ئەدا بێ ئەوەی هیچ کامیان لەهیچ بگەن....))(سعید، ١٩٧٣: ٢٥)، مناڵەکان نەیاندەزانی دایکیان بۆ وادەکات و بەهەڵوێستەکانی سەرسام بوون، سەرەڕای پرتەو بۆڵەی وەستاکەشیان لەکاتی درەنگبووندا، دوو مناڵەکە دەچن بۆکارو لەکاتی ڕۆشتنیان دەقلیشێتەوەو هەردووکیان بەدوو گوللە گیانیان سپاردبوو، ((تەنها دوو مناڵی هەشت نۆ ساڵەی شاگرد چایچی بوو، ئەوانیش دووای هەوڵ و تەقەڵایەکی زۆر سۆراخیان کرا کە،

بەدوو فیشەکی گەرم گیانیان سپاردووەو، ئێستە ئەوەتان لەمزگەوتەکەی گەڕك))(سعید، ١٩٧٣: ٢٦)، لەم کورتیلەچیرۆکەدا لەسەرەتادا تەنها ئاماژە بەوە دەکات، دایکەکە دڵی خەبەری دابێت شتێك روودەدات، بۆیە منالّەکان درەنگتر دەنێرێتە سەرکار، بەڵام لەکۆتایی کورتیلەچیرۆکەکەدا کە کۆتایی رووداوەکەشە بەشێوەیەکی لەناکاو لەپڕ باسی گیان سپاردنی دوو منداڵەکە دەکات، کەوا تەرمەکانیان لەمزگەوتە، چیرۆکەکەش بەمە کۆتایی دێت. ئەمە لە کورتیلەچیرۆکدا زۆر پەسندە چونکە زۆرینەی کورتیلەچیرۆکە پەسندو دڵخوازەکان ئەوانەن کە کۆتاییەکی کتوپڕیان هەیە(مجموعة من المؤلفين، ١٩٧٨: ٧٠).

(جیهان عومەر) لە کورتیلەچیرۆکی (کاتێك مردن ئەبێتە پارە) باسی رووداوێك دەکات، لەپرسەدا، تەنها لەماوەی خوێندنی سێ فاتیحادا روویداوە، ئەو کورتیلەچیرۆکە باسی پرسە دەکات، چۆن خەڵکی لەوێدا دادەنیشن و لەکاتی خوێندنی فاتیحاکاندا کە بۆ مردووەکەیە، دەمیان دەجوڵێن و لێوەلەرزە دەکەن، گوایە فاتیحا دەخوێنن: (( -الفاتیحە.
خۆی دەگەیاندە پەردەی گوێچکەی دانیشتوان و لێوە لەرزە دەستی پێ دەکردو هەندێکیان لەنیوەدا دەیانقرتاند))(عمر، ١٩٨٠: ١٩)، رووداوی سەرەکی ئەم کورتیلەچیرۆکە بەشداریکردنە لەپرسە، دوو هاوڕێ دەکەونە تەك یەك و قسە لەگەڵ یەکدا دەکەن، لەولاترەوە یەکێك لەنێو ئامادەبووانی پرسەکەدا لەپرمەی گریان دەدات، دوو هاوڕێیەکە پێیان وایە ئەم گریانە بەفێڵ و تەڵەکە بازیە، بۆ ئەوەیەتی تاکو پارەی پێبدرێت، چونکە ئەوەی دەگرییێت، پێشووتر گوایە گریانی نەزانیوە تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە سەرخۆش بووەوا! ((پرمەی گریانێك دەستی پێ کردەوە..))(عمر، ١٩٨٠: ٢٢) ئەم گریانەی تەنها بۆ ئەوەیە خەمی پارەکەیەتی، ئاخۆ مردنیش بووە بەپارە، یاخود گریان بۆ مردی پارەی پێدەوێت، بەم گریانە ئیدی ئەو دوو هاوڕێیە زەردەخەنە دیانگرێت و بەجووتە هەڵدەستن و مزگەوتەکە بەجێ دەهێڵن.

### 2-1 رووداوی لاوەکی:

رووداوی لاوەکی هۆکارێکە بۆ چوونە پێشەوەی رووداوی سەرەکی و چیرۆکنووس زیاتر بۆ خزمەتی رووداوی سەرکی دەیانهێنێتە ناوەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە لە

کورتیلەچیرۆکدا کرداری لاوەکی بونیان زۆر کەمە، ئەگەر هەشبن بە رستەیێك یان دووڕستە، هەندێك جار بەوشەیەك ئاماژەیان بۆ دەکرێت.

(شیرین.ك) لە کورتیلەچیرۆکی(چەپکە نێرگزی تایبەتی) باس لە کارەکتەری(دارا) دەکات و کاری فرۆشتنی گوڵە نێرگزە، ((دارا... زۆر بەگورج و گۆڵی بەرەو ناو شار هاتەخوارێ، پاشان لەپڕ وەکو شتێکی بیر کەوتبێتەوە، سەبەتەکەی داگرت و یەکێ لەچەپکە نێرگزەکان. تاکە گوڵاڵە سوورەێکی لەناو دابوو.. ملی بۆ درێژکردو بۆنێکی قووڵی کردو بەنەرمی دەستێکی پێدا هێنا)) (شرین.ك، ١٩٧٨: ٢٣)، رووداوی لاوەکی وەك ئامادەکارییەك وایە بۆ رووداوی سەرەکی، لێرەدا (دارا)چەپکێکی تایبەتی دروست کردووەو بەتاقە گوڵاڵەیەك رازاندویەتیەوەو بەخێرایی دەڕوات بۆ شوێنی مەبەست تا دیاری خۆی بدات بەو کچەی چەپکەنێرگزەکەی بۆ ئامادەکردووە، (دارا) دەچێتە بەردەم قوتابخانەیەك (( نازدارێك لە ئۆتۆمبێلەکە نازدارتر هاتە خوارێ، بەخۆبادانێکەوە بەرەو سەبەتەکە رۆیی.

-ئۆی بە کوێدا نەما؟

ئەمەی بەدەنگێکهی ناسکی فیزاویەوە ووت، داراش بێ ئەوەی هیچ وەڵام بداتەوە بە لەخۆ ڕازیبوونێکەوە چەکەکەی دایە دەستی.))(شرین.ك، ١٩٧٨: ٢٤)، هەرچەندە نێرگزەکانی هەموو فرۆشراون، بەڵام (دارا)ئەم چەپکەنێرگزە تایبەتەی هەڵگرتووەو چاوەڕێ دەکات کچە بێت و پێی بدات. دیارکردنی چەپکێك و هەروەها شاردنەو جیاکردنەوەی لەچەپکەکانی دیکە، بۆئەوەیە تاکو رووداوی سەرەکی بێتە پێشەوە، کە پێدانی ئەم چەپکەنێرگزەیە بەکچەکە.

رووداوی لاوەکی جگە لەوەی ئەو بۆشاییانە پڕدەکاتەوە، کە لەکاتی گێڕانەوەی رووداوی سەرەکی دێنە کایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا رووداوی رووداوی سەرەکی خێرا دەکات، بۆیە((هەندێك جار رووداوی لاوەکی دەبێتە بنەمایەك بۆ هاتنە کایەو بەرەوپێش چوونی رووداوی سەرەکی))(مستەفا، ٢٠١٠: ٨٨)، واتە رووداوی لاوەکی هۆکارێکە بۆ دەرخستنی رووداوی سەرەکی، (دلشاد مەریوانی) لە کورتیلەچیرۆکی(سەد فلسی پێك) باسی پیاوێکی کۆڵکێش و عەمبار دەکات، ئەم پیرە پیاوە کۆڵکێشە زەمیلەیەکی بەشانی ڕاستەوەیەو دەیباتە ژوورێك و دایدەنێت، لە بەرامبەر ئەم کارەیدا سەد فلسێك لەلایەنی ئەوە ژنەی خاوەنی کارەکەیە وەردەگرێت، کە بووە هۆکاری رووداونی رووداوی سەرەکی ئەم کورتیلەچیرۆکە، لەچەند ساتێکی کەمدا ئەو پیرە پیاوە کۆڵکێشە دوای وەرگرتنی سەد فلسیەکە

سەیارە لێی دەدات و دەیکوژێت، سەد فلسیەکە هەر لەنێو مشتەکڵۆمەکەیدا دەبێت، کاتێك مردووشۆر لەسەر تاتی مردووشوشتن بەهۆی ئاوی گەرم دەستی دەکاتەوە، سەد فلسیەکە لەدەستی بەردەبێتەوەو تلدەبێتەوەو دەنگی لێوەدێت، (( - مامەکە.... ئەوە تۆ کوڕت نییە وا بەم تەمەنەوە ئیش دەکەی؟ مامە شڵەژا چاوەڕوانی ئەم پرسیارە نەبوو.

- بەرێ وەڵڵا. خانم کوڕێکم هەیە. بەڵام ئەوە بۆساڵێك دەچێ؟ ناز.. قسەکەی پێ بڕی

- دەك بەخێر نەیەتەوە، ئەی چۆن غیرەتی قبووڵ دەکا تۆ ئاوا لەزەحمەتدا بی، عومەر سەد فلسی بدەیێ وەڵڵا کسپەم لەجەرگەوە دێ، بابڕوا دڵم تەواو نییە زۆر گوناحە))(محمدامین، ١٩٧٨: ١١)، پێدانی ئەم سەد فلسیە بەم پیرە پیاوە کۆڵکێشە لەلایەن ژنەکەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئامادەکاری بکرێت بۆ رووداوی دواتر، کە ئەویش کەوتنی سەد فلسیەکەیە لە نێو دەستی ئەم پیرە پیاوەکە دایە، چیرۆکنووس لەوێدا دەیەوێت ئەو جیاوازی چینایەتییە دەربخات.

## تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی بنیاتی رووداو لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا

### 2-1 بنیاتی تێکهەڵکێش:

کورتیلەچیرۆك بەهۆی ئەوەی قەوارەیەکی بچووکی هەیە، بۆیە رووداوە سەرەکییەکەی باسی ساتێکی بچووك دەکات، لەهەمان کاتدا رووداوەلاوەکییەکان زۆر بچووکترن، بۆیە کاتێك باسی بنیاتی تێکهەڵکێش دەکرێت، کە بنەماکەی لەسەر تێکهەڵکێشانی رووداوەلاوەکییەکان لەگەڵ رووداوی سەرەکیدا پێکدێت، بۆیە چیرۆکنووس لە کورتیلەچیرۆکدا زۆر بە وردی و بە سادەیی باسی رووداوە لاوەکیەکان دەکات و دەیانخاتەڕوو، ئەوە دەوەستێتە سەر خوێنەر رووداوە لاوەکیەکان بناسێتەوە. (ئەحمەد محمد ئیسماعیل) لە کورتیلەچیرۆکی(ڕێگای راستی) بنیاتی تێکهەڵکێشی بۆ بنیاتی رووداوی کورتیلەچیرۆکەکە بەکارهێناوە، رووداوی سەرەکی کورتیلەچیرۆکەکە باسی(دەروێش عمر)دەکات، لەشەوێکی ساردی زستاندا کە خڕو شیوەکان ئاویان پێدا دەڕوات، بەخۆی و بێڵەکەیەوە خەریکی هەڵبەستانی خڕەکانە تا ئاوەکەیان بخاتە سەر زەویەکەی و پێی ئاوبدات، لەم کاتەدا کە لەناو قوڕولیتەدا خەریکی هەڵبەستانی ئاوی خڕاوەکانە بۆناو زەویەکەی، دەنگی تەپڵی موریدەکانی شێخ، دەستی لە بێرەکەی پێی شل دەکەن و خەیاڵ بۆ ڕووداوێکی رابردووی دەگەڕێنێتەوە، ((-پێرار هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم کاتانە، پێی لەسەر ئەسپەرەکە خلیسکا))(اسماعیل، ١٩٧٣: ١٦-١٧)، گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی رووداوی سەرەکی دەوەستێت و بەتەکنیکی دواخراو بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە (دەروێش عمر)پێی لەسەر بێرەکە خلیسکاوە، ئەم رووداوە لاوەکییە تێکەڵی رووداوە سەرەکییەکە دەکات.

(ئەکرەم عەلی)لە کورتیلەچیرۆکی (ئەو شەوەی تیایدا لەدایك بوو) بۆ گێڕانەوەی رووداوی سەرەکی کورتیلەچیرۆکەکە سودی لەبنیاتی تێکهەڵکێش بینیوە، رووداوی سەرەکی ئەم کورتیلەچیرۆکە باس لەمردنی کوڕی گەورەی ماڵێك دەکات، لەڕۆژێکدا کە خۆی دەچێتەوە ماڵ، سەیر دەکات لە ماڵیان پرسەو مەلا دانیشتووەو قورئان دەخوێنێت و تەرمێکی کفنکراو لە ژوورەوە درێژکراوە، کوڕە دەڵێت ئەوە لەماڵی ئێمە چیبووە؟ دراوسێکانیان لەوێ کۆبوونەتەوەو وەڵامی دەدەنەوە: گوایە کوڕی گەورەی ئەم ماڵە مردووە، لەکاتێکدا ئەوەی پرسیار دەکات کوڕی گەورەی هەمان ماڵە، واتا ئەم مردووە. گێڕەرەوە بەجێناوی کەسی یەکەم دەست بەگێڕانەوەی رووداو دەکات و کاتی گێڕانەوەی ئەم رووداوە نیوڕانەیە، لەوێدا بەتەکنیکی پێشخراو باسی رووداوێکی دیکە دەکات، کەوا بڕیاردەدات ئێوارە جێ بەجێی بکات، ((وا بڕیاریشم دا ئێوارە سەرێك لەخۆشەویستەکەم بدەم و چاوێکیشم بەبرادەرەکانم بکەوێت، زۆر دەمێکە نەم دیوون.... بەخۆشی ئەوانیشەوە تۆزێکیش دەخۆینەوە))(عەلی، ١٩٧٧: ٥١).

بنیاتی تێکهەڵکێش یەکێکە لە بنیاتە بەربڵاوەکان، زۆرترین کورتیلەچیرۆکەکانی ساڵانی(١٩٧٠-١٩٨٠)بەبنیاتی تێکهەڵکێش بنیاتنراون، بەمەش لەچاو جۆری بنیاتەکانی دیکە، زۆرترین چیرۆکنووس ئەم بنیاتەیان بەکارهێناوە.

## 2-2 بنیاتی زنجیرەیی:

کورتیلەچیرۆك هەرچەندە قەوارەکەی بچووکە، بەڵام رووداوێکی هەر تیادا هەیە، ئینجا ئەم رووداوە بەشێوەیەکە لەسەرەتاوە دەست پێدەکات بۆ ناوەڕاست و لەوێشەوە بۆ کۆتایی، واتا رووداوەکە بەشێوەی(سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) بە زنجیرەیی بنیاتنراوە.

(حسین عارف) کورتیلەچیرۆکی(مەدەد)ی بەبنیاتی زنجیرەیی بنیاتناوە، ((دەچمە ناو کۆڵانەکەوە.))(عارف، ١٩٧٩: ٨٧)، ئەم کورتیلەچیرۆکە تەواوی کردارەکانی بەکاتی داهاتوو دەگوترێن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەهەمانکاتدا لەو داهاتووەی کەدەست پێ دەکەن ناگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، یان لەو داهاتووەی دەستی پێکردوە بازنادات بۆ داهاتوویێکی دیکە، بەڵکو ڕووداوەکان لەو خاڵەی دەست پێدەکات هەنگاو بە هەنگاو بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەدوای یەکدا ڕوودەدەن. پیاوەکە کارەکتەری سەرەکی ئەم کورتیلەچیرۆکەیە لەدەرگا دەدات، دواتر بەردەم دەرگاکە جێ دەهێڵێت و دەڕوات بەرەو سەری کۆڵانەکە، ((دەڕۆم. ناگەمە سەری کۆڵانەکە، هەرایەك دەگاتە سەرم. هەراکە ئابلووقەم دەدا. دەیەوێ خولم بدا...))(عارف، ١٩٧٩: ٨٧)، لەقۆناغی دواتردا ئەو پیاوە هەر دەڕوات و دەگاتە عەنتیکەخانەیەك: ((دەگەمە ئاستی ئەنیکەخانەیەك. دەچمە ژوورەوە پەیکەرێك سەرنجم رادەکێشێ. بەدڵمە. بەدەوریدا دێم دەچم. ماوەیەکی زۆر بەدەوریدا دەخولێمەوە))(عارف، ١٩٧٩: ٨٩)، ئەم کورتیلەچیرۆکە تا کۆتایی بەم شێوەیە هەنگاو بەهەنگاو بەشێوەیەکی زنجیرەیی ڕووداوەکانی بەردەوام دەبێت.

(دلشاد مەریوانی) ڕووداوی کورتیلەچیرۆکی (لەودیو دەروازەوە)ی بەبنیاتی زنجیرەیی بنیاتناوە، ڕووداوەکان چۆن لەسروشتدا ڕوویانداوە بەم شێوەیە بەدوای یەکدا ڕوودەدەن، ڕووداوی ئەم کورتیلەچیرۆکە باسی منداڵێکی دەنگ خۆش دەکات و گۆرانی دەڵێت، لە کۆڵانێکدا پیاوێك، لەناو دەرگەی ماڵەکەی خۆی وەستاوەو داوا لەمناڵەکە دەکات، بەردەوام بێت لەگۆرانی گوتن، لەبەرئەوەی خانمەکەی کە لە ژوورەوەیە حەز بەم دەنگە دەکات: ((زەلامێکی کەتەی دەنگ گڕ دەرپەڕی. - ئاکورە تۆ... هێی هەتیو لەگەڵ تۆمە، وەرە ئێرە لەبەر ئەم دەرگایەدا گۆرانی یەکەت تەواو بکە، خانم بەدڵێتی))(محمدامین، ١٩٧٨: ٧)، منداڵە دەنگ خۆشەکە گۆرانی گووت، بەڵام هیلاك بوو، دەیەوێت بڕوات، هەروەها کابرای دەنگگڕ لەبەرئەوەی خانمەکەی حەز بەدەنگی ئەو منداڵە دەکات، نایەوێت ئەو شوێنە جێ بهێڵێت، منداڵەکە دەڵێت دەڕۆم، کابرای دەنگگڕ بە گاڵتەپێکردنێکەوە شەقێك دەدات لەپشتەملی منداڵەکە، ئاگای لە بێ هێزی منداڵەکەو قورسی دەستی خۆی نییە، بۆیە بەم ڕووداوە مناڵەکە دەبوورێتەوە، کاتێك بەهۆش خۆی دێتەوە دەبینێت براوەتە ژوورەوەو لەسەر دۆشەکێکی نەرمونیان و گۆڵ گۆڵ درێژکراوەو لە ژوورێکی ڕازاوەی وەك بەهەشت وایە، ((پێش ئەوەی چاوەکانی هەڵبهێنێ دەست و پەنجە لاوازەکانی گێڕا بەنوێنەنەرم و نیانەکەی ژێری دا، چاوەکانی هەڵهێنا باخ و گوێ و بۆن عەتر بوو))(محمدامین، ١٩٧٩: ٨)، تەواوی ڕووداوەکانی ئەم کورتیلەچیرۆکە بەشێوەیەکی زنجیرەیی ڕۆنراون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە لێوردبوونەوەو توێژینەوە لە جۆرەکانی بنیاتی رووداوی کورتیلەچیرۆکی ماوەی ساڵانی(١٩٧٠-١٩٨٠) بۆمان دەردەکەوێت بنیاتی زنجیرەیی لەدوای بنیاتی تێکهەڵکێش دووەمین جۆری بنیاتە، کە زۆرترین رووداوی کورتیلەچیرۆکەکانی ئەو ماوەیەی پێ بنیاتنراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باوی ئەم بنیاتەو هەروەها زۆرینەی ناوەرۆکی بابەتی ڕووداوەکان، ئەو رووداوانەن لە واقیعی ئەو کاتەدا چۆن روویانداوە بەم شێوەیەش گێڕدرانەتەوە.

## 3-2 بنیاتی بازنەیی:

بنیاتی بازنەیی رووداو بەشێوەیەکە، کۆتایی رووداوەکە لە سەرەتای کورتیلەچیرۆکەکە باس دەکرێت، ئینجا گێڕانەوەی رووداوەکە بەردەوام دەبێت تا دەچێتەوە کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکە، واتا ئەو خاڵەی لە سەرەتا باس کراوە، لە کۆتایی دەگاتەوە هەمان ئەو خاڵە.

(ئەحمەد محمد اسماعیل) لە کورتیلەچیرۆکی (دیاری یەکی پەسند نەکراو) بنیاتی بازنەیی بەکارهێناوە بۆ گێڕانەوەی رووداوی سەرەکی. ئەم کورتیلەچیرۆکە باس لە رووداوی سکپڕبوونی ژنێك دەكات، ((چوار مانگی رەبەقە دیارییەکی شەرمەزاریم پێیە، لەمە زیاتر ئارام ناگرم و ئۆقرەم لێ برا، دێیەکی ٤٠ ماڵی لە ٥٠ حەیتە پتری تیایە پرکێشی تان نەکرد وزاتتان نەنایە بەر خۆتان منتان نارد.))(اسماعیل، ١٩٧3: ٢٣)، لە سەرەتای کورتیلەچیرۆکەکە باسی ئەو رووداوە دەکات کە بەسەر ژنەکە هاتووە بەر لە چوار مانگ، دواتر دەست دەکات بە گێڕانەوەی رووداوەکە، چۆن چۆتە بەغداو هەروەها چۆن تووشی پۆلیسەکان دەبێت و کارەساتەکەی بەسەر دێت، گێڕەرەوە هەنگاوبەهەنگاو چی بەسەر ژنە هاتبوو، هەموو رووداوەکان دەگێڕێتەوە، ((دوای چوار مانگ هەموو شتێکی بۆ کۆمەڵە پیاوەکەی تەنیشت مزگەوتەکەی درکان... ئەوانیش ئەوەی دەماری پیاوەتی گرتی تولەرێگاکەیان گرت کە بەرەو ناوچە شاخاویەکانی بردن.))(اسماعیل، ١٩٧3: ٢٧)، ئەمە کۆتایی رووداوەکەیەو لەهەمان کاتدا کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکەشە، لەسەرەتاشەوە، ژنە ئاماژەی پێ کرد، ئەوە چوار مانگە دیارییەکی بۆ ئەوان پێیەو دەیەوێت بۆیان باس بکات. کۆتاییەکە دەچێتەوە سەرەتا.

(محمد رشید فەتاح) بنیاتی بازنەیی بۆ بنیاتنانی رووداو لە کورتیلەچیرۆکی(کوڵەنانی) بەکارهێناوە، ئەم کورتیلەچیرۆکە باسی رووداوی بەزاوا نەبوونی(موتەلیب)دەکات، کە بە هۆی کوڵەنانییەوە ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەردەی بۆ چارەدەکەن، هەروەها (حەمە غەریب) دوو مانگە ژنی هێناوەو بەزاوا نەبووە، بۆیە لە بەیانیەکی زوودا بڕیار دەدات بچێتە شارو خۆی لەوێ چارەسەر بکات و هاوشێوەی (موتەلیب)نەکات و خۆی تەسلیم بە کوڵەنانی نەکات: ((-نا... نا... من وەك موتەلیب ناکەم!))(فەتاح، ١٩٧٧: ٧١)، ئەمە سەرەتای کورتیلەچیرۆکەکەیە، (حەمەغەریب)یش هەمان دەردی(موتەلیب)ی هەیە، بەڵام وەك بڕیار دەدات، بۆ چارەسەری بەرەو شار کەوتۆتە ڕێ، گێڕەرەوە ئینجا دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی بەسەر(موتەلیب)هاتووە، چۆن ژنی هێناوەو دوای چەند مانگ هەر مایەپووچ بووە؟ وە دواتر ناردویانە بە دوای کوڵەنانیدا، بۆئەوەی چارەسەرێکی دەردەکەی بۆ بکات، کەچی بەهۆی ئەم کارەی کوڵەنانی بەسەر(موتەلیب)دا هێناویەتی، باری دەروونی تێك دەچێت و شێت دەبێت، بۆیە(حەمە غەریب) بڕیاری داوە، بچێتە شار ((نا.. چارەم دەکەن. مامۆستا ئاوات لەخۆیەوە وای پێ نەوتم:- حەمە غەریب تۆ بەقسەی کەس مەکە... ئەم کوڵەنانی یانە دەست بڕن. بڕۆ بۆ شار:-
(ئەوا دەچم.. من وەك موتەلیب ناکەم!)))(فەتاح، ١٩٧٧: ٧٥)، کورتیلەچیرۆکەکە بەم شێوەیە کۆتایی پێدێت، هەروەك لە سەرەتاوە کە (حەمەغەریب)بڕیاری دا بچێتە شار، لە کۆتایی ڕووداوەکە دەچێتەوە هەمان خاڵی سەرەتا. ئەوەی لێرەدا گرنگە باس بکرێ کە دوو جۆر بنیاتی بازنەیی هەیە، داخراو و کراوە، تەواوی کورتیلەچیرکەکانی ساڵانی (1970-1980) ئەوانەی بنیاتی بازنەییان بەکاهێناوە لە جۆری بازنەییی داخراون و هیچ کورتیلەچیرۆکێك نییە کە بە بنیاتی بازنەیی کراوە بنیات نرابێ.

### 4-1 بنیاتی هاوتەریب:

لەم جۆرە بنیاتەدا چیرۆکنووس دوو ڕووداوی سەرەکی بەشێوەیەکی هاوتەریب دەگێڕێتەوە، جارێکیان ڕووداوی یەکەم دەگێڕێتەوە، دواتر دەیپچڕێنێت و دەچێتە سەر ڕووداوی دووەم، دواتر گێڕانەوەی دووەم دەوەستێنێت و دەچێتەوە سەر ڕووداوی یەکەم، واتە بەشێوەیەکی نۆبەتی تاکۆتایی چیرۆك ڕووداوەکان دەگڕێتەوە، ئەم جۆرە بنیاتە وردەکاری و هونەرکاری دەوێت، بۆیە زۆر بەکەمی لەلایەن چیرۆکنووسانەوە لە کورتیلەچیرۆکدا بەکارهاتووە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشووە کورتەی لە کورتیلەچیرۆکدا هەیە(سەعید، ٢٠٠٨: ٦٠)، سەرەڕای ئەم پشووکورتییە لەکورتیلەچیرۆکدا کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆئەوەی بنیاتی هاوتەریب زۆر بەکەمی بەکاربهێنرێت

لەبنیاتنانی رووداوی کورتیلەچیرۆکدا، لەگەڵ ئەمەشدا (کامەم بۆتانی)لای لەم جۆرە بنیاتە کردۆتەوەو رووداوی کورتیلەچیرۆکی (پاداشت)ی بەم جۆرە بنیاتە بنیاتناوە، ئەم کورتیلەچیرۆکە باس لە ژنێك دەکات، تووشی نەخۆشی شێرپەنجەبووەو لەسەر قەلەوێرەی نەخۆشخانە درێژکراوەو لەنێو ئازارو نەخۆشیدا لەسەر جێگاکەی دەتلێتەوەو خەو ناچێتە چاوەکانی و بەدەم ئازارەوە دەگری و سەرینەکەی بەفرمێسکەکانی تەڕ کردووە، ((لەسەر سەرینی باداری دا جەنگلەی دەداو ئارامی نەدەگرت..... بەڵام خەم و خەفەتی مێردو مناڵەکەم.. ئێستا چ دەکەن؟ چۆن بێ من دەژین.. چۆن))(بۆتانی،١٩٧٩: ١٠٤)، ئەو ژنە نەخۆشە سەرباری دەردی گرانی خۆی لەسەر قەلەوێرەی نەخۆشخانە، خەمی مناڵ و مێردەکەیەتی، ئاخۆ چۆن ژیان دەکەن؟ لەهەمان کاتی ئەم روودانە، بەڵام لە شوێنێکی دیکە، ئەویش لەماڵەوە، مێردەکەی لەسەر جێگای خەوتنیان وا لەگەڵ ژنێکی دیکەدا، خەریکی رابواردنی خۆیەتی، ((لەماڵەکەیا.. لەسەر جێگای ژن و مێردایەتیا.. لەتەك مناڵە ساواکەیا.... ئافرەتێکی قەشەنگ بەرووتی لەباوەشی مێردەکەیا.))(بۆتانی، ١٩٧٩: ١٠٥) چیرۆکنووس ئەم دوو رووداوە کە لەیەك کاتدا روویانداوە بەڵام لەشوێنی جیاوازدا بەشێوەیەکی هونەریانەو بەبنیاتی هاوتەریب دەیانگرێتەوە.

(سابیر رەشید) لە کورتیلەچیرۆکی(باوەشی خەم) بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان بنیاتی هاوتەریبی بەکارهێناوە، ئەم کورتیلەچیرۆکە باس لە کارەکتەرێك دەکات لەبەردەمی دووکانی(مەلا عەلی)وەستاوە، ئەو رۆژە پەلەهەورێکی رەش بەری ئاسمانی گرتووەو لە هەمان کاتدا بایەکی زۆرو بەهێزی هاتووە، تەپ و تۆزی ئەو ناوەی بەرزکردۆتەوەو هەرچی کەوتۆتە پێشی ڕایماڵیوە، هەر لەنزیك دوکانەکەی(مەلا عەلی) دوو رووداو روودەدەن: یەکیان پەیوەستە بە(مامە پیرە)یەکی سواڵکەر، کە لەپێش سەرتاشخانەیەکی ئەوێ رایەخێکی لێ راخستووەو خەریکی سواڵکردنە، ((هەر بیریشم لای ئەو مامەپیرە بوو کە لەپێش دوکانی مام عومەری سەرتاش ڕایەخی لێ ڕاخستبوو و سوالی دەکرد...))(رشید، ١٩٧٦: ٢٤-٢٥)، لە نزیك هەمان شوێنی دووکانەکەی(مەلا عەلی) چەترێکی وێستگەی پاس هەیە، لەبەرئەوەی بایەکی بەهێزی دێت، خەڵکی بەپەلە خۆیان دەخەنە نێو وێستگەکە، لە هەمان کورتیلەچیرۆکدا رووداوی دووەم باسی رووداوی ژێر وێستگەکە دەکات، ((هەر لەگەڵ ئەوەش رووی خۆم وەرچەرخاندە لای وێستگای پاسی هاتوچۆکە کە چۆن خەڵکەکە بەپەلەپەل

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیان دەکوتایە بن وێستگەکە))(رەشید، ١٩٧٦: ٢٧)، گێڕەرەوە بەشێوەیەکی هاوتەریب باس لە دوو ڕووداوی بەردەم دووکانەکەو ژێر وێستگەکە دەکات.

## ئەنجام:

- ڕووداوی سەرەکی لە کورتیلەچیرۆکدا بە خێرای تێدەپەڕێت و ماوەیەکی کورت دەخایەنێت بە هۆی بچووکی قەبارەکەی، هەروەها لە کۆتاییدا لە پڕولە ناکاوی بە چڕی کۆتایی بەڕووداوی سەرەکی هاتووەو لەگەڵ کۆتایی ڕووداوەکەش کورتیلەچیرۆکیش کۆتایی هاتووە.
- ڕووداوی لاوەکی هۆکارێکە بۆچوونەپێشەوەی ڕووداوی سەرەکی، لە کورتیلەچیرۆکدا بە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ڕووداوی لاوەکی بەکارهێنراوە، هەروەها ئەگەریش هەشبێت بە ڕستەیەك یان بە ووشەیەك هێنراوەتە ناوەوە.
- بنیاتی بازنەیی ڕووداو دووج ۆری هەیە داخراوو کراوە. لە کورتیلەیرۆکەکانی ماوەی دیاری کراو هەموو ئەو کورتیلەچیرۆکانەی بەم بنیاتە بنیاتنراون لە جۆری بنیاتی بازنەی داخزاون و هیچ کورتیلەچیرۆکێکمان نییە بنیاتی بازنەی کراوە بێت.
- چیرۆکنووسانی کورتیلەچیرۆکی کوردی هەرچوار جۆرەکە بنیاتی ڕووداویان بەکارهێناوە، بنیاتی تێکهەڵکێش زۆرترین بەکارهێنانی هەبووەو بنیاتی هاوتەریب کەمترین بەکارهێنانی هەبووە.

-بەهۆی بچووکی قەبارەی کورتیلەچیرۆك ، کەمتر ڕێگا بە گێرانەوەی دووی ڕووداوی سەرەکی دەدات لەیەك کاتدا، بەڵام چیرۆکنووسان هەر لایان لەم بنیاتە کردۆتەوەو بە شێوەیەکی هونەریانە بەکاریان هێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرچاوەکان:

## زمانی کوردی:

### کتاب:

1. ئەرستۆ(2004)، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
2. ئەحمەد، پرشەنگ حمدئەمین(2002)، فەرهەنگی یاد(ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی)، چاپخانەو ئۆفسێتی دیلان، سلێمانی.
3. اسماعیل، احمد محمد(1973)، دەستی ئۆخەی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.
4. بۆتانی، کاکەمەمی(1979)، بازنە، کۆمەڵەچیرۆك، چاخانەی شارەوانی، هەولێر.
5. تەرەغە، محمد(2013)، مینیمالیزم ژیانە، کۆمەڵێ نووسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
6. حەسەن، محمد فەریق، 2012، ئەزموونی چیرۆك نووسین، چاپخانەی دەریا، سلێمانی.
7. خاڵ، شێخ محمد(1960)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
8. رەشید، سابیر، 2016، ئاوێنە، چاپی دووەم، بێ شوێن و ناوی چاپخانە.
9. سابیر، پەرێز(2001)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی(لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
10. سعید، طاهر صالح(1973)، لە گەرووی مەرگەوە، چاپخانەی ڕاپەڕێن، سلێمانی.
11. سەعدی و رەشید، کەمال و سابیر(1976)، شەش کورتەچیرۆکی کوردی، چاپی یەکەم، چاخانەی شارەوانی، هەولێر.
12. سەعید، جەلال ئەنوەر(2009)، تەکنیکی گێڕانەوە لەڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە)ی(بەختیارعەلی)دا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
13. شیرین.ك.(1978)، پێش ئەوەی تاریك دابێ، کورتەچیرۆك، چاخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.
14. عارف، حسین(1979)، توێشووی سەفەرێکی سەخت، مطبعە دارالسلام، بغداد.
15. عمر، جیهان(1980)، وێنەی باوەشی دیوارەکان، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی(58)، چاخانەی دار الحریە، بەغداد.

16. عەبدوڵا، کانیاو بەکر(2021)، کۆتایی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی کوردیدا(ساڵانی 1990-2000)، چاپی یەکەم، کتێبخانەی خاك بۆ چا و بڵاوکردنەوە، کەلار.
17. عەلی، هەمزە، ئەوانی تر(1977)، کۆمەڵێ چیرۆکی ئاوس، کۆمەڵەچیرۆکی هاوبەش، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.
18. عەبدوڵڵا پوور، هەژیر(2008)، ەرهەنگی هەژیر(فارسی-کوردی)، دەزگای بڵاوکردنەوەو توێژینەوەی موکریانی، چاخانەی خانی، دهۆك.
19. فەتاح، محمد رشید(1972)، تروسکایەك لەشەوە زەنگ دا، چاخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.
20. فەتاح، محمد رشید(1977)، گەشتی دووەمی ئەپۆلۆ، چاخانەی کامەرانی، سلێمانی.
21. محمدامین(ا)، دلشاد، (1978)، دێر یاسین ، کۆمەڵەچیرۆك، چاخانەی ڕاپەرین، سلێمانی.
22. محمدامین(ب)، دلشاد(1978)، بە پەنجەکانم دەتبینم، کۆمەڵەچیرۆك، چاخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.
23. محەمەد، میران جەلال(2009)، بنیاتی ڕووداو لەڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
24. محەمەد، ئارام محمد عبدالله(2023)، بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا (بە نموونە: کۆی کورتەچیرۆکەکانم)ی دکتۆر عەبدوڵا ئاگرین، بێ ناوی چاپخانە، هەولێر.
25. مستەفا، ڕێزان عوسمان(2010)، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا(1985-1990)، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپیرێز، دهۆك.
26. هەژار، عبدالرحمن شەرەفکەندی(1388)، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی، چاپی شەشەم، انتشارات سروش، تاران.

**گۆڤارو ڕۆژنامە:**

27. ئاگرین، عەبدوڵا(2000)، چنین و جۆری چەند کورتە چیرۆکێکی هونەری کوردی، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە(11)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**نامەی ئەکادیمی:**

28. حوسێن، سەنگەر نازم(2023)، چیرۆکی مینیماڵی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
29. سەعید، ئازاد محمد، 2008، کورتیلەچیرۆکی کوردی لە باشوری کوردستاندا 1970-1979، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
30. سعید، سەیوان مەحمد(2013)، بنیاتی هونەری لە چیرۆکەکانی دکتر کاوێس قەفتاندا، سکوڵی زمان/ فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**كتاب:**

31. أ.أ.مندلاو(1997)، الزمن والرواية، ترجمة : بكرعباس، الطبعة الاولي، دار صادر للطباعة والنشر، بيروت – لبنان.
32. ابراهيم، عبدالله(1988)، البناء الفني لرواية الحرب في العراق، دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة، الطبعة الاولي، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافة العامة، الطبعة الاولي، بغداد.
33. ابو ناضر، موريس(1979)، الالسنية والنقدالادبي في النظرية والممارسة، دار النهار للنشر، بيروت.
34. برنس، جيرالد(2003)، المصطلح السردي، معجم المصطلحات، ترجمة :عابد خزندار، المجلس الاعلي للثقافة.
35. بردى، هيثم بهنام، 2017، القصة القصيرة جداً الريادة العراقية، الجزء الاول، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.
36. بن ابراهيم، ابى طاهر مجدالدين بن يعقوب بن محمد(2005)، المحيط اللغوى التحليلى، قاموس(عربى- عربى)، اعتنى بها احسان بن عبدالمناف، بيت الافكار الدولية، بيروت، لبنان.
37. جنداري، ابراهيم(2001)، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
38. الحسين، احمد جاسم(د)(2010)، القصة القصيرة جدا(مقاربة تحليلة)، ط2 ، دار التكوين للتاليف والترجمة والنشر، دمشق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

39. السعدون، نبهان حسون(2012)، شعرية مكان فى القصة القصيرة جدا، قراءة تحليلية فى مجموعات القصصية(1989-2008) لهيثم بهنام بردى، ط1، دار تموز، دمشق.
40. شربيط، احمد شربيط(1998)، تطور البنية الفنية فى الصة الجزائرية المعاصرة 1947-1985، اتحاد الكتاب العرب، ديمشق.
41. طودوروف، تزفيطان(1990)، الشعرية، ت: شكرى المبخوث و رجاء بن سلامة، دار توبقال، الدار البيضاء، ط 2، المغرب.
42. العشرى، فتحى، 1971، انفعالات، ناتالى ساروت، مطبعه الثقافيه، مصر.
43. العيد، يمني(1977)، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، الطبعة الاولي، دار الفارابي، بيروت-لبنان.
44. غربية، الان روب(بدون سنة الطبع)، نحو رواية جديدة، ترجمة : مصطفي ابراهيم مصطفي، دار المعارف بمصر.
45. فضل، صلاح(1978)، نظرية البنائية في النقدالادبي، مكتبة الانجلو المصرية، مطبعة الامانة، مصر.
46. قاسم، سيزا(1985)، بناء الرواية،دراسة مقارنة في((ثلاثية))نجيب محفوظ، الطبعة الاولي، دار التنوير للطباعة والشر، بيروت.
47. مجموعة من المؤلفين(1978)، فن الكتابة الاقصوصة، ت: كاظم سعدالدين، ط 1، الموسوعة الصغيرة، عدد 16 ، منشورات وزارة الثقافة والفنون، الجمهورية العراقية.
48. نصوص الشكلانيين الروس(1982)، نظريةالمنهج الشكلي، ترجمة:ابراهيم الخطيب، الطبعةالاولي، الشركة المغربية للناشرين المتحدين، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت.
49. الونسه، فادية مروان احمد(2004)، السرد عند الجاحظ – البخلاء نموذجا، رسالة دكتوراه، كلية اداب/جامعة موصل، موصل.
50. وورد، ديفيد(1999)، الوجود والزمان والمكان(فلسفة بول ريكود)، ت: سعيد الغانمى، المركز الثقافة العربي، دار البيضاء، بيروت.

**نامەی ئەکادیمی:**

51. العانی، شجاع مسلم دغيم العاني(1987)، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، رسالة دكتوراه، كلية الاداب/جامعة بغداد، بغداد.

**فارسی:**

**52. کتاب:**

53. کولایی و ابو خیلی، مهدی خادم و رحمت رحیمی(1393)، ماهیت شناسی داستانهای مینیمالیسم از اغاز تا امروز، چ 1، نشر قطره، تهران.

**گۆڤار:**

**54.** رضی و روستا، احمد(د) و سهیلا(1388)، کمینەگرایی در داستان نویسی معاصر، پژوهشهای زبان و ادبیات فارسی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه اصفهان، شماره 3.

**ئینگلیزی:**

55. Hornby, A.S.(2003), Oxford advanced learner s dictionary of current English, sixth edition, Oxford university press, chine.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Event structure in Kurdish very short story for example (1970-1980)

**M.A. Moatasam Ahmad Hamadameen**
Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: moatasama.hamadameen@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Azad Mohamed Said**
Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Azad.Mohammmed@koyauniversity.org

***Keywords:*** Very short story, *Event*, interference construction, consecutive construction, circular construction, construction parallelism.

## Abstract

The event is an important and fundamental basis in building the story in general and the very short story in particular. It plays, along with other elements, a major role in moving the character in the very short story in a specific time and place. Therefore, the event has a strong and complementary relationship with other elements such as (character, time, place) to build the very short story. Therefore, the event is the basic and important element in the very short story. Very short stories go by quickly because of their short duration and small size. It cannot be extended because its area is small, and therefore the narrator of very short stories pays great attention to the construction of events, and therefore the narrative cannot be extended, and only a short period of the character’s life can be described. Therefore, in very short stories, short events are chosen and the focus is on their construction. This research deals with the structure of events in the Kurdish short stories of the years (1970-1980). Very short stories of this period used all four types of structures, storytellers used more varied structures for event structures and few very short stories were built with parallel structures because very short stories are short and cannot tell more than one event.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بنية الأحداث في القصة القصيرة جدا الكردية مثلا (1970-1980)

**الملخص:**

الحدث وهي أساس مهم وأساسي في بناء القصة بشكل عام والقصة القصيرة جداً بشكل خاص. فهو يلعب، إلى جانب عناصر أخرى، دورا كبيرا في تحريك الشخصية في القصة القصيرة جداً في زمان ومكان معينين. ولذلك فإن الحدث له علاقة قوية وتكاملية مع العناصر الأخرى مثل (الشخصية، الزمان، المكان) لبناء القصة القصيرة جداً، لذلك فإن الحدث هو العنصر الأساسي والمهم في القصة القصيرة جداً. تمر القصص القصيرة جداً بسرعة بسبب قصر مدتها وصغر حجمها. ولا يمكن أن تمتد لأن مساحتها صغيرة، ولذلك يولي راوي القصص القصيرة جداً اهتماما كبيرا ببناء الأحداث، ولذلك لا يمكن أن يمتد السرد، ولا يمكن وصف سوى فترة قصيرة من حياة الشخصية لذلك في القصص القصيرة جداً، يتم اختيار الأحداث القصيرة والتركيز على بنائها. يتناول هذا البحث بنية الأحداث في القصة القصيرة جداً الكردية للأعوام (1970-1980). استخدمت القصص القصيرة جداً في هذه الفترة جميع أنواع الهياكل الأربعة، واستخدم رواة القصص هياكل أكثر تنوعًا لهياكل الحدث وتم بناء عدد قليل من القصص القصيرة جداً بهياكل متوازية لأن القصص القصيرة جداً قصيرة ولا يمكنها أن تحكي أكثر من حدث واحد.